کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:28 23-7-2007

## حکومەتی هەرێم و کولتووری بەعس... ئیبراهیم بالیسانی



لەزۆربەی ولاتە عەرەبیەکان بەگشتی و ولاتانی تری دەوروبەر بەتایبەتی بووە بەنەریت و باو لەسەر شەقامەکان وشوێنەگشتیەکان وداموەدزگاکاندا وێنەی ڕابەرو سەرۆکی پارتی دەسەلات دار بەگەورەی لەشوێنە بەرزەکان هەڵدەواسن!لەپاڵ ئەوەشدا سیاسەتێکی تر هەیە لەناو ئەو ولاتانەدا، ئەویش بریتیە لە بەناوکردنی شەقام و پارك وکۆشکەکان و هۆلەکان بەناوی کەسە دیارەکانی حیزب یا شەهیدو ئەندامەکانیان. لەنمونە دیارەکانی پەیرەوکردنی ئەوسیاسەتەش ڕژێمی لەناوچووبوو، ێدامی لەسێدارەدرا وسەرۆك کۆماری پێشوی عێراق (ێدام) بەوێنەکانی خۆی هەمووشوێنەکانی شارەکانی تەنیبو تەنانەت خەلکی ئاسایی وئەندامانی پارتی دەسەلاتداریش ڕاسپێردرابوون کەوێنەی سەرۆك لەناو مالەکانیشیان هەڵبواسن!وە وێنەیەکی زۆری بچوکی خۆی خستبووە بازار تا تاکەکانی نێو کۆمەڵ ئەو وێنانە لەبەرۆکی خۆیان بدەن. ئێمە لەدوای ڕاپەرین، بەهەمان نەهجی بەعس هاتین پەیکەرووێنەی شەهیدامان لەسەر شەقامەکان هەڵواسی و شەقام و شوێنەکانمان بەناوی ئەوانەوەکرد!بەلام دوای دەست پێکردنی شەری ناوخۆ کاتێك یەکێك لەهێزەکانی شەرکەر شارێکی داگیر (ئازاد) دەکرد وێنەی ئەو شەهیدانە (کەشەهیدی هەمان پارت نەبوون) دەکەوتنە بەرشەق ودران ولادان!لەشوێنی ئەو وێنانە وێنەی شەهیدانی پارتە ئازادکەرەکە دادەنران. ئەوکردەیەش دروست وەك دران و لادانی وێنەکانی (ێدام) بوو کەخەلکی لەدوای ڕاپەرین پەیرەویان دەکرد. ئەو سیاسەتەی بەعس ئێستاش لەکوردستاندا پەیرەودەکری! ئەوە بەومانایە نیە کە دەسەلات بیەوی هەمان نەهجی بەعس پەیرەوبکات. بەلام بمانەوی ونەمانەوی ئەوە شێوازێکە لەسیاسەتی بەعس! لاری لەوەدانیە کە (90%) ی ناوی شەقام و پارك وهۆڵ و شوێنە گشتیەکان لەشارەکانی کوردستان بەناوی شەهیدانەوەیە! شەهیدان ڕاستە سەربەرزو فیداکاربوون، حەقە هەمیشە ناوەکانیان بەزیندووی بمێنەوە وڕێز لەکەسوکاریان بگیری ولەرووی ماددیەوە کەمووکوڕیان نەبی. ئەوە پاداشتی خوێن وخەباتی شەهیدان وکەسوکاریانە، نەك بەناوکردنی شوێن و هەڵواسینی وێنەکانیان کەلەبەر تیشکی خۆرو تۆزوخۆلی شار سیماو ڕووخساری ئەو وێنانە ڕۆژبەڕۆژ بەرەو کالبوونەوە دەچی! لایەنێکی تر لەو کلتورەی بەعس بوونی وێنەی سەرۆك و سەرکردەکانە لە ناودەزگاکانی حکومەت و سەرشەقام و شوێنە گشتیەکان. وە بە هەزاران وێنەی بچوکی ئەو سەرکردانە لە بازاردا هەن تا خەلك و هەوادارەکان ئەو وێنانە بکڕن و لەبەرۆکی خۆیان بدەن!!من نازانم ئەو وێنانە لەلایەن خودی حیزبەکانەوە دەخرێن بازار یا خەلکێك بۆ کاری بازرگانی ئەو کارانە دەکات؟ لەو دوولایەنە، بێکومان یەکیان ڕاستە. بەلام بیانووەکە هەرچیك بێت هەقە قبوڵ نەکری. ئەوقبوڵ نەکردنەش پێویستە لەلایەن خودی سەرکردەکانەوە بێت. چونکە زۆرجار سەرکردەکان بەتایبەت (مام جلال و مسعود بارزانی) لە کۆروکۆبونەوەکاندا ئەوە دووپات دەکەنەوە کە ئەو دیاردەیان قبوڵ نیەو لایەن ڕەفزە. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا دیاردەکە هەر هەیەو ڕۆژ بەڕۆژیش زۆرترو فراوانتر دەبی. ئەو پارتانە کە باس لە دیموکراتیەت وئازادی و بنەماکانی مافی مرۆڤ دەکەن، پێویستە لەهەموو ڕویکەوە پابەندی ئەو ئاخافتنانەی خۆیانبن. نەك پەیڤەکان تەنیا قسەبی. Info_balisani@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.